شایان

گرنگتر دەزانی و بەئاگاتر دەبی

بەشی یاسا

ISHIK UNIVERSITY ERBIL 2008

دیوارنامەیەکی گشتییە مانگی جارێك لە بەشی یاسای زانکۆی ئیشك دەردەچێت

سێشەم Sunday 2017/5/23 - ژمارە (4) Issue

ڕۆژی ٢٠١٧\٥\٢٤ زانکۆی ئیشك ئاهەنگی دەرچوون ساز دەکات

ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵی کۆلێژی یاسا لە ٢٠١٧\٦\١ەوە دەست پێ دەکات

زانکۆی ئیشک ئاهەنگی گەورە و فراوانی جیاوازەکانی زانکۆ وەردەگرن، واش چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی میوانانی ئەو ئاهەنگە کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بەرپرسانی ئیداری، لەگەڵ ماڵبات و خێزان و کەسوکاری قوتابیان و خوێندکاران، بگاتە نزیکەی پێنج هەزار کەس.

هەر لەو ئاهەنگەدا، خەڵاتی تایبەت بە یەکەمەکانی سەرجەم بەش و کۆلێژەکان دەدرێت، هەروەها یەکەمەکان لەسەر ئاستی زانکۆش خەڵاتی تایبەت وەردەگرن.

سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەو ئاهەنگەدا بڕوانامەی فەخری دەدرێ بە قوتابیی کۆچکردوو (نەسرین یاسین دۆسکی) کە لە دواقۆناخی بەشی یاسادا دەیخوێند و مەخابن چەند مانگێک لەمەوبەر، کۆچی دوایی کرد.

لە لایەکی ترەوە، بەپێی لێدوانی ئەو سەرچاوەیە، ڕۆژی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ، لە بەشی یاسا لە ڕۆژی ٢٠١٧\٦\١١ەوە دەست پێ دەکات، چونکە ژمارەی وانەکانیان لە بەش و کۆلێژەکانی تر زیاترە، بەڵام قوتابیانی باقیی کۆلێژ و بەشەکانی تری زانکۆی ئیشک، ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵیان لە ڕۆژی ٢٠١٧\٦\١٣ەوە دەست پێ دەکات.

لەو ئاهەنگەدا نزیکەی ٥٠٠ قوتابی بڕوانامەی دەرچوون لە بەش و کۆلێژە دەرچوونی قوتابیانی دواقۆناخی سەرجەم بەش و کۆلێژەکانی زانکۆی ئیشک ئاهەنگی گەورە و فراوانی ساز دەکات، هەروەها ڕۆژی ئەنجامدانی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵیش دیاری دەکات.

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەکی بەرپرس لە زانکۆی ئیشک، سەعات ٨:٠٠ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٧\٥\٢٤ لە گۆڕەپانی زانکۆی ئیشکدا، ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی دواقۆناخی سەرجەم بەش و کۆلێژەکانی زانکۆی ئیشک بەڕێوە دەچێت.

قوتابیانی زانکۆی ئیشك، بە تویژینەوەی زانستی لە سەربەخۆیی کوردستاندا بەشدار دەبن

لەژێر دروشمی (با ئێمەش بەشدار بین لە سەربەخۆیی کوردستاندا) ڕۆژی ٢٠١٧\٥\١٥ بەشی یاسای کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک، یەکەمین کۆنفرانسی ئەکادیمیی بۆ تویژینەوەکانی قوتابیانی دواقۆناخی بەشی یاسا ئەنجام دا و سەرجەم تویژینەوەکان دەربارەی ڕووە یاساییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان بوو و گفتوگۆی تێروتەسەلیان لەبارەوە کرا، بڕیاریش درا ئەو کۆنفرانسە ببێتە نەریتێکی ساڵانە و هەموو ساڵێک باشترین تویژینەوە خەڵات بکرێت.

کۆنفرانسێك و پانێلێکی گرنگ

سەعات ١٠:٠٠ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٣-٥-٢٠١٧ کۆلێژی یاسای زانکۆ ئیشک، بەهاوکاری لەگەڵ (تۆڕی هەماهەنگیی ڕێکخراوەکان)، پانێلێکی لەژێر ناونیشانی (ئەلتەرناتیڤی پترۆل بۆ بەرەو پێشبردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار) بۆ سێ وەزیر و چەند ئابووریناسێک ڕێک خست.

سەرپەرشتیارێکی ئەو چالاکییە بە پەیامنیری (شایان)ی ڕاگەیاند: بەشدارانی ئەو پانێلە بریتی بوون لە هەریەکە لە نەورۆز مەولوود- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، عەبدولستار مەجید- وەزیری کشتوکاڵ، د. ئیدریس هادی- وەزیری پێشووی پیشەسازیی عێراق و چەند ئابووریناسێک. لە لایەکی ترەوە، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/١١ بەشی یاسای کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک، دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی خۆی (ILIC 2017) بە بەشداریی ٤٥ تویژینەوە لە بوارەکانی یاسا و زانستی و ڕامیاری و شەریعەتی ئیسلامی بەڕێوە برد، کە لەلایەن تویژەرانی زانکۆکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و عێراقەوە پێشکەش کران.

دیوارنامەی (شایان) پشتیوانێکی گرنگی لەدەست دا

د. حوسێن چاکلیکویاك لە چەند دێڕێکدا

ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٢٨ زانکۆی ئیشک یەکێک لە دڵسۆزترین کادیری ئەکادیمیی خۆی لەدەست دا ئەویش د. حوسێن چاکلیکویاک بوو، کە بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە چووە بەر دلۆڤانیی خودا، د.حوسێن، ڕاگر و مامۆستای کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک بوو، بۆیە کۆچی ناوادەی، قوتابیان و مامۆستایانی کۆلێژەکەی تاساند.

نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، کە مامۆستای کۆچکردوو، هەر لە سەرەتای دروستبوونی بیرۆکەی دەرکردنی دیوارنامەی (شایان)ەوە، یەکێک بوو لە هاندەران و پشتیوانانی ئەم پرۆژەیە، بۆیە دیوارنامەی (شایان) بە پێویستی دەزانێ، لە چەند دێڕێکدا وێستگەکانی ژیانی د. حسێن چاکلیکویاک بخاتە ڕوو:

- ساڵی ١٩٧١ لە شاری کۆنیای تورکیا لە خێزانێکی ئاسایی لەدایک بووە.
- دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی لەو شارەدا، دەچێتە ئیستانبوڵ بۆ خوێندنی زانکۆ.
- لە ساڵی ١٩٩٥ بڕوانامەی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی مەرمەڕە بەدەست دێنێ.
- ساڵی ١٩٩٨ بڕوانامەی ماستەر لە بەشی سوسیۆلۆجی لە هەمان زانکۆ بەدەست دێنێ.
- ساڵی ٢٠٠١ دەست بە خوێندنی دکتۆرا لە هەمان بەشی سوسیۆلۆجی دەکات لە زانکۆی سەکاریا و لە ساڵی ٢٠٠٤ دەبێتە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا.
- دوای بەدەستهێنانی دکتۆرا، دەچێتە ئەمریکا و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە بواری ئەکادیمیدا کار دەکات.
- ساڵی ٢٠١٢ ڕوو دەکاتە هەرێمی کوردستان و دەبێتە ڕاگری کۆلێژی یاسا و بزنس لە زانکۆی ئیشک.
- پاش جودابزونەوەی بەشی یاسا لە بزنس، دەبێتە ڕاگری کۆلێژی یاسا و لە هەمان کاتدا وانەبێژ بوو لە بەشی بزنس.
- سەرۆکی بەشی ئایرۆ بووە بۆ ناردنە دەرەوەی قوتابیان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بەردەوامیدان بە خوێندن.

بەداخەوە، دوای نزیکەی شەش ساڵ مانەوەی لە هەرێمی کوردستان و خزمەتکردن بە زانکۆی ئیشک و قوتابیان، لە ٢٠١٧/٤/٢٨ بە نەخۆشیی دڵ ماڵئاوایی کرد. دوای دوو ڕۆژ تەرمەکەی بۆ زێدی باو و باپیرانی بۆ تورکیا بەڕێ کرا.

ڕۆژی ٢٠١٧/٥/١٠ لە بەشی یاسا لە ڕێوڕەسمێکدا بەشکۆداری یادی د. حسێن چاکلیکویاک کرایەوە.



سەروتار

ناسینێکی کورت خایەن



هیرۆ ئیسماعیل عارف

ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٢٨ گوێبیستی هەواڵی کۆچی دوایی د. حوسێن چاکلیکۆیاک بووم، کە بەڕاستی هەواڵێکی چاوەڕواننەکراو بوو، چونکە وەک زانیبووم دوای دوو ڕۆژ لە نەشتەرگەریی دڵ، ڕەوانەی ماڵەوە کرابووەوە، من وام بیستبوو کە ڕەوشی تەندروستیی باشە بۆیە ڕەوانە کراوە، بەڵام مەخابن دیار بوو پێچەوانەکەی بوو.

ناسینی من بۆ د. حسێن نەک وەکوو ڕاگری کۆلێژی یاسا بەڵکوو وەکو کەسایەتییەک زۆر کورتخایەن بوو، دوای ئەوەی کە هاتمە قۆناغی دووەم، بەهۆی دەستکردنم بە کاری دیوارنامەی (شایان) و بانگکردنی بۆ ڕێوڕەسمەکەمان کە بۆ بڵاوکردنەوەی دیوانی شیعری باوکم ڕێکم خستبوو لەو کاتەوە زیاتر ناسیم.

دوور لە هەموو پیاهەڵدانێک و دوور لە هەموو هەستێکی سۆزداری بەرامبەر کۆچباربوونی ئەم کەسایەتییە، من بەش بەحاڵی خۆم لەم ماوە کورتەدا بە شاهێدیی هەندێک لە هاوپۆلەکانم، زۆر جار باسم لە مامەڵەی باشی د. حسێن دەکرد.

ئێمە وەکو قوتابیانی هەڵبژێردراو بە نوێنەرانی قوتابیان، چووینە لای د. حسێن و کۆبوونەوەیەکی بچووکی لەگەڵ کردین، لەو کاتەدا گوتی: ئەگەر ئێوە هەر پێشنیارێکتان هەبێت بۆ پێشخستنی بەشەکەتان و کاروباری قوتابیان، بیهێنن و بەیەکەوە کاری لەسەر دەکەین. ئەم گوتنەی ڕاگری کۆلێژ، وای لێ کردم بیر لە پرۆژەیەک بکەمەوە کە نزیک بێت لە بوارەکەی خۆم کە چەندین ساڵە کاری لێ دەکەم، هەروەها سوود بە بەشەکەمان و قوتابیان بگەینێت، بۆیە پێشنیاری دەرکردنی دیوارنامەی (شایان)م کرد.

کاتێک کە پێشنیاری دیوارنامەکەم کرد بۆ د. حسێن کە هێشتا تەنها قسەیەک بوو دوور بوو لە نووسین (پرۆپۆزەل)، یەکسەر بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێ کرد، لەوانەیە بڵێن خۆ ئەو هیچی نەکردووە تاوەکو پێشوازیی لێ نەکات؟ دەڵێم ڕاستە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیتوانی ڕێگری بکات و ڕەتی بکاتەوە. خودی ڕەزامەندی دەربڕین بەرامبەر بە هەر شتێک کە ببێتە مایەی بەشداریی خەڵکانێک لەو پێشنیارە و پێشخستنی بواریک، ئەوا کەسایەتیی ئەو کەسە دەردەخات کە چەندە حەز بە پێشخستنی بەرامبەر دەکات، ئەگەر نا وەکوو گوتم دەیتوانی ڕەتی بکاتەوە.

گرنگی دان بە کەسی بەرامبەر، تەنها قسە نییە، بەڵکوو کرداریشە. هەڵوێستێکی دیکەی د. حسێن بەرامبەر بە من ئەوە بوو کە جارێکیان لەناو یەکێک لە وانەکاندا حاڵەتێکی کتوپڕی نەخۆشیم بەسەرهات، لەو کاتەدا ئەم مامۆستا بەڕێزە ژورەکەی خۆی چۆڵ کرد بۆ ئەوەی من تایدا پشوو بدەم تا ئەو کاتەی کە هاوڕێکانم دەمبەنە نەخۆشخانە، بۆ ڕۆژی دواتریش پەیوەندیی تەلەفۆنیی کرد بۆ پرسین لە ڕەوشی تەندروستیم، ئەمە لەکاتێکدا مامۆستای وانەبێژ کە لە کاتی وانەکەی ئەودا نەخۆش کەوتم، هەر لێیشی نەپرسیمەوە!

با ئەوەشم لەبیر نەچێت، د. حسێن نەیدەزانی من کچی کێم و لە کوێوە هاتووم، جارێکیان داوەتنامەم بۆ برد بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە ڕێوڕەسمی بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی دیوانی شیعری باوکم، زور بەخۆشحاڵییەوە داوەتنامەکەمی قبووڵ فەرموو و خۆی و ژمارەیەک لە مامۆستا بەڕێزەکان بەشداربیان لەو ڕێوڕەسمەماندا کرد، ئەوەش بۆ من ئەوپەڕی سەربەرزی و خۆشحاڵی بوو.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، باوکم یادی بەخێر کاتێک گلەییەکمان لێی دەکرد کە بۆچی ئەو وەکوو هەندێک کەس هەوڵی بۆ پلە و پایە نەداوە لەکاتێکدا زۆرینەی هاوەڵەکانی گەیشتبوون بە زۆر شت؟ دەیگوت: کە مردم ئەوەی تەنها بۆ من و بۆ ئێوەش دەمێنێتەوە (ناوەکەمە) ئەوانی تر دێن و دەڕۆن. بۆیە ئەو ناسینە کورتخایەنەی من بۆ د. حسێن، وای کرد ئەم گۆشەیەی لەسەر بنووسم چونکە لای من ناوەکەی بە بەرزی دەمێنێتەوە... ڕۆحی شاد بێت.